Cultureel Centrum Koerden
Den Haag

مةلَبةندى كلتووريى كورد
لة دةنهاخ

بەڕێز/

**بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لە ئامادەبوونتان ئەکەین لەگەڵماندا لە پرۆگرامێکی فراوان دوو رۆژ ئەخایەنێت، لە رۆژانی شەممە 21و یەکشەممە 22ی کانوونی دوو/جەنیوەری 2006 ، لە هۆڵی زانکۆی ئازاد لە دانهاخ هەردوو رۆژەکە لە سەعات 14.00 هەتا 18.30ی ئێوارێ ، پرۆگرامێکی بەسوود و سەرنجڕاکێشمان بۆ سازداون.**

**مەڵبەندی کولتووری کورد لە شاری دانهاخ دوو ئێوارە کۆڕێ لەیەک دانەبڕاو سازدەدات بەناونیشانی "رۆژنامەگەری نوێ لە عێراقدا و سوودبینین لە ئەزموونی رۆژئاوا ، رۆژنامەگەری هۆڵەندی وەک نمونە"**

**لەماوەی ئەم دوو رۆژەدا مەڵبەدە کولتووریەکەمان دەخوازێت بوارێک برەخسێنێت بۆ بەشداران و ئامادەبووان بۆ تاوتوێکردنی هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە بەدیموکراتیکردنی گشت بوارەکان لە عیراقی ئەمڕۆدا و بەتایبەت بواری رۆژنامەگەری لەبەر گرنگی گەورەی ئەو بوارە و پەوەندی بە ژیانی سیاسی و کولتووریەوە لەولاتێکی وەکوو عێراقدا و پاش کەوتنی سەددام و والآبوونی دەرگاکان لەبەردەم رۆشنبیردا بەفراوانی. مەبەست لە سازدانی ئەم چالاکیە وەستانە لەسەر گرنگترین ئەو مەسەلانەی پەوەندی هەیە بە بوارەکانی رۆشنبیری و رۆژنامەوانیەوە بەتایبەت لە کوردستاندا و هەوڵدان بۆ خستنڕووی گەلێ رێگەچارە بۆ ئەو کێشانەی بواری رۆژنامەگەری لە عێراقدا بەدەستیەوە ئەناڵێنێت لە حاڵی حازردا.**

**بەشدارانی وتووێژەکان:**

1- **خاتوو یودیت یورینک ، رۆژنامەوانی هۆڵەندی.**
2- **بەڕێز موریس شوحیت ، لێکۆڵەرەوە و ئەندام لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ لێکۆڵینەوەکانی بواری رۆژنامەگەری لە واشنتۆن.**
3- **بەڕێز نزار الجاف ، رۆژنامەوانی کورد ، جێگری سەرۆکی نووسینی رۆژنامەی "پەیامی کورد" لە ئەڵمانیا.**
4- **بەڕێز فازڵ رەشاد ، رۆژنامەوانی عراقی.**
5- **بەڕێز ئیلدەرت مولدەر ، رۆژنامەوانی هوڵەندی ، رۆژنامەی تراو.**
6- **بەڕێز سەردار عەبدولکریم ، رۆژنامەوانی کورد مقیم فی هوڵەندا.**
7- **بەڕێز عەدنان حسێن ئەحمەد ، رۆژنامەوانی عێراقی ، رۆژنامەی ئەلزەمان.**

**خۆشحاڵ ئەبین بە ئامادەبوونتان:**

**شوێن: هۆڵی زانکۆی ئازاد لە دانهاخ**

**ناونیشان:**

**Plaats:**
**alhuraauniversity**
**Kerketuinenweg 20A**
**2544 CW Den Haag**

**کات: شەممە 21و یەکشەممە 22ی کانوونی دوو/جەنیوەری 2006**

**لە سەعات 14.00 هەتا 18.30ی ئێوارێ**

**بۆ گەیشتن بۆ شوێنی هۆڵەکە بەهۆکانی گواستنەوەی گشتی:**

**پاسی ژمارە: 29 و ترامی ژمارە: 6**

CCk,postbus 367 Tel&Fax :070 –3080445 Girorekening: 7236453, CCK – Den Haag
2280 AJ Rijswijk Mobiel: 06-52351910 E-mail: cck@ikurd.com

**بە ئۆتۆمۆبیل لە سەنترال ستاسیۆنی دانهاخەوە ، سەیری ئەم نەخشەیەی خوارەوە بکە:**




**پرۆگرامەکە بە هاوپێچ بە هۆڵەندی لەگەڵ ئەم داوەتنامەیەدا بۆت نێردراوە..**

CCk,postbus 367 Tel&Fax :070 –3080445 Girorekening: 7236453, CCK – Den Haag
2280 AJ Rijswijk Mobiel: 06-52351910 E-mail: cck@ikurd.com